# ئەوە مسوڵمانە کە مسوڵمانان لە زمان ودەستی پارێزراو بن، وکۆچکار (موهاجیر) ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات (دوور بکەوێتەوە) لەو شتانەی کە خودا نەهی لێکردووە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوە مسوڵمانە کە مسوڵمانان لە زمان ودەستی پارێزراو بن، وکۆچکار (موهاجیر) ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات (دوور بکەوێتەوە) لەو شتانەی کە خودا نەهی لێکردووە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە مسوڵمانی کامڵ لە ئیسلامەتیدا ئەوەیە کە مسوڵمانان (لە زمانی پارێزراون): جوێنیان پێنادات، ونەفرەتیان لێناکات، وغەیبەتیان ناکات، و بەزمانی ئاژاوە وئازار نانێتەوە لەنێوانیان. (ولە دەستی پارێزراون): دەستدرێژی ناکاتە سەریان، وماڵ وسامانایان بە ناهەق نابات، وهتد. وکۆچکار (موهاجیر) ئەو کەسەیە کە کۆچ بکات ودوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە اللە حەرامی کردووە -سبحانە وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10101